پ١/جیاوازی بکە لەنێوان دەشتی حەمرین و دەشتی شارەزوور .

پ٢: هۆی ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەوە :_

أ/ کەم بوونی بەرهەم هێنانی توتن لە عێراق .

ب/تێپەڕبوونی لقەکانی ڕووباری دیجلە بەشێوەیەکی ستونی بە ناو زنجیرە چیاکاندا .

پ٣/جیاوازی بکە لەنێوان هەرێمی ئاووهەوای ووشک و گەرم لە هاویندا لەگەڵ هەرێمی ئاووهەوای بیابانی سارد و باراناوی لە زستاندا .

پ٤: ئەمانەی خوارەوە جوگرافیانە دابەش بکە:_

١_مەڕ ٢_جۆ ٣_ گامێش ٤_ لۆکە ٥_بزن

٦_ گەنمەشامی ٧_مانگا ٨_گەنم ٩_خورما

پ٥: دەشتی نیشتوو لەعێراق دابەش دەبێت بۆ چەند بەشێک بیانژمێرە وباسی بەشی (چوارەم) بکە.

پ٦/ نەخشەی عێراق بکێشە ودواتر ئەم دیاردە سروشتیانەی لەسەر دیاری بکە:

١_چیای بعشیقە ٢_چیای أزمر ٣_دەشتی سندی

٤_چیای قەلەندەر ٥_چیای زەردەداغ ٦_چیای اشکفت

پ٧/وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە :

أ _ ئەو هۆکارانە چین کە ڕۆڵیان هەبووە لە پێک هاتەی جیۆلۆجی عێراقدا ؟ گرنگترین هۆکارەکان بژمێرە و باسیان بکە .

ب_ بەراورد بکە لەنێوان دەشتی دیبەگە و دەشتی ڕانیە .

ج_هۆکاری تێپەڕبوونی ڕووبارەکان بەشێوەیەکی ستونی بەناو زنجیرە چیاکاندا دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێک باسیان بکە .

پ ٨/تایبەتمەندیەکانی بەرهەمهێنانی جۆ لە عێراق چین باسیان بکە .

پ٩/ بەراورد بکە لە نێوان هەرێمی ئاووهەوای ستێبس و گەرم و باراناوی لە زستان لەگەڵ هەرێمی ئاووهەوای ووشک و گەرم لە هاویندا .

پ١٠ /أباسی تایبەتمەندیەکانی ناوچەی بانی ڕۆژئاوا بکە،پاشان بەشەکانی دیاری بکە و باسی بەشی سێ یەم بکە .

پ١١/لە زنجیرە چیاو گردەکان باسی کۆمەڵەی باشور بکە .

پ١٢/هۆکاری کەم بوونەوەی بەرهەمهێنانی برنج لە عێراقدا ڕوون بکەوە .

پ١٣ /دارخورما دادەنرێت بەیەكێک لە بەروبومە ((نەختینیەكان)) کەلە رێزی پێشەوەدایە لە ئابوری کشتوکاڵیدا لە عێراق ، ئەمە ڕوون بکەوە.

پ١٤/ بەراورد بکە لە نێوان دەشتە ڕووباریەکان و ناوچەی ڕێژگە

پ١٥/تایبەتمەندیەکانی بەرهەمێنانی گەنم لە عێراق چین ڕونی بکەرەوە .